# زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب بەشی مێژوو

# یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان، لە سەدەی بیست و یەک دا

## مێژوو، دەرفەت و ئاستەنگەکان

# جامعة سوران-فاكلتي الآداب-القسم تاريخ

# المؤتمر الدولي الأول حول بناء دولة كوردستان في القرن الحادي والعشرين

## التاريخ، الفرص و العقبات

Soran University Faculty of Arts Department of History

First International Conference on Forming Kurdistan State in the 21st Century.

History, Opportunities and Obstacles

ئەم کۆنفرانسە, گرنگی بە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی مرۆیی دەدات، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی بۆ لایەنی مێژوویی لەسەردەمە جیاوازەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان, شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییە گەورەکان و شەڕە جیهانییەکان و مێژووی ململانێی زلهێزەکان لەسەر چارەنووسی کوردستان و لەباربردنی دەرفەتە مێژووییەکان بۆ دروستبوونی دەوڵەت لە کوردستان, هەروەها تیشک خستنەسەر دەرفەتە مێژووییەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە کوردستان, لەبەرئەنجامی ململانێی نێودەوڵەتی, پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان, کۆتایهاتنی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی..هتد, تا ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق و شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم, کە هەموویان دەرفەتی مێژوویی بوون بۆ گەلی کورد, بۆیە لێکۆڵینەوەی زانستی دەرفەتە مێژووییەکان بە شیکردنەوەیەکی هەمەلایەنە

دەخاتەڕوو بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان لە داهاتوودا. هەروەها ئاستەنگەکانی بەردەم بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان, لە سێ ڕەهەندی گرنگ: ڕەهەندی یەکەم: ئاستەنگەکانی ناوخۆیی, کۆمەڵایەتی, ئابووری, فەرهەنگی و کولتووری, سیاسی و پەروەردەیی و خوێندنی باڵادا, دووەم: ئاستەنگەکانی هەرێمی و دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان, ڕەهەندە قووڵ و نزیکەکانی لەسەر چارەنووسی کوردستان بەتایبەتی ململانێی هەرێمی و مەزهەبگەرایی کە پێیناوەتە قۆناغێکی مەترسیدار لەسەر دوا ڕۆژی کوردستان, ئەمە بێجگە لە ململانێی هەرێمی لەسەر وزە و نەوتی کوردستان و داهاتی ئابووری و سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکانی, کە هێزی گۆڕانکاری و بەهێزن بۆ هێنانە ئارای دەوڵەتێکی نوێ لە ناوچەکەدا, سێیەم: ڕەهەندی نێودەوڵەتیی: ئاستەنگی نێودەوڵەتیی بۆ کرانەوەی زیاتر بەرانبەر بە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان, ئەگەرەکانی بەرژەوەندی کاتی و بەردەوام بۆ زلهێزەکانی جیهان, گۆڕانکاری لە تێڕوانین و بەرنامەی وڵاتە بڕیاربەدەستەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بۆ گۆڕانکاریکردن لە هەڵویستی نەگۆڕیان بەرانبەر بە ڕاگەیاندن و بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان. لەسەر ئەم پرسە گشتیانە سەرەوە کە بەوردی ئاماژەیان پێدرا, کۆنفرانس گرنگی لێکۆڵینەوەکانی و ئەنجامدانیان لەسەر بنەمای زانستی پەیڕەوکراو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و ڕاسپاردەی زانستی بۆ قۆستنەوەی دەرفەتە مێژووییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان.

**ئامانجەکانی کۆنفرانس:**

ئامانجەکانی کۆنفرانس, هەڵسەنگاندنەوەی کۆی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی هاوچەرخە لەسەر تێڕوانینی تاک, گروپ, ڕێکخراو, پارت و بەرەی سیاسی بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە کوردستان, لە ڕەهەندی سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی, فەرهەنگی و کولتووری, پەروەردەیی, هەڵسەنگاندنەوەی ئەم دیدانەی باسکران لە ژێر ڕۆشنایی بیردۆزی فەلسەفی و مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵناسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و فەرهەنگی و یاسای نێودەوڵەتیی و زانستە مرۆییەکانی تر ئەنجام دەدرێت, ئامانجێکی تری ئەم کۆنفرانسە تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان, بەتایبەتی لەڕەهەندی دەروون–نەتەوەیی, واتە دروستکردن و بنیاتنانی دەروونێکی متمانە بەخۆبوون بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان, ڕەواندنەوەی ئەو ترس و ریسکەی بەردەوام لە دەروونی نەتەوە

لێکدەدرێتەوە بۆ کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە کوردستان, بۆیە ئەمە بۆتە ئاستەنگێکی مێژوویی بۆ بنیاتنانی قۆناغ بە قۆناغی دەوڵەت لە کوردستان, تێپەڕاندنی ترسی دەروونی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت, ڕێگە والا دەکات لەبەردەم ئاستەنگە ماددی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە مەودای دوور و نزیک دا.

**پەیامی کۆنفرانس:**

کۆنفرانس, پەیامێکی زانستی بەپێی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆییەکانی هاوچەرخ, بخاتە نێو خانەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەهەر سێ زمانی سەرەکی، ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی, بۆ گەیاندنی پەیامی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان لەسەر بنەمایەکی زانستی پێشکەوتوو, هەروەها بەرچاوڕوونکردنی خانەکانی ئەندێشە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان, بۆ دروستکردنی بڕیاری قۆناغ بەند و پلەیی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان لە سەدەی بیست و یەک دا.

**تەوەرەکانی کۆنفرانس:**

تەوەرەی یەکەم: ئەزموونە مێژووییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

أ-مێژووی کورد و ئەزموونەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا.

ب-مێژووی هاوبەشی کورد و گەلانی دراوسێی لە بنیاتنانی دەوڵەتان.

ج-مێژووی ململانێی ئیمپراتۆریەت و زلهێزەکان لەسەر ئایندەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان دا.

د-مێژووی شۆرشەکانی کورد و ئامانجی رێکخراوە سیاسییەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەت.

تەوەرەی دووەم: دەرفەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەت:

أ-دەرفەتی ئابووری و بازرگانی بەکارهێنانی بۆ دوارۆژی کوردستان لە بنیاتنانی دەوڵەت دا.

ب-دەرفەتی وەبەرهێنان لە وزە و بەرهەمێهانی نەوت لە کوردستان بۆ دەوڵەتانی هەرێمی.

ج-دەرفەتی کرانەوەی دیموکراتی و پەرەدان بە مافی مرۆڤ لە پەیوەندی نێودەوڵەتیی بۆ ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەت.

د-بەرژەوەندی نێودەوڵەتی لە سەقامگیری و ئارامی جیهانیوەک دەرفەت بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان دا.

تەوەرەی سێیەم: تایبەتمەندی جوگرافیا و کۆمەڵی کوردەواری لە بنیاتنانی دەوڵەت دا:

أ-پێگەی جوگرافیا و جیۆسیاسی کوردستان لە بنیاتنانی دەوڵەتی هاوچەرخ دا.

ب-زاڵبوونی هۆکارەکانی جوگرافیا لە هەوڵەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان دا.

ج-ڕەهەندەکانی کۆمەڵناسی کوردی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان دا.

د-تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردەواری و ڕێنیسانسی کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت.

تەوەرەی چوارەم: ئاستەنگی مێژوویی و یاسایی و دەرون-نەتەوەیی لە بنیاتنانی دەوڵەت دا:

أ-ڕۆڵی مێژوویی زلهێزەکان و هەرێمیەکان لە بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان.

ب-ئاستەنگی یاسایی نێودەوڵەتیی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە سەدەی بیست و یەک لە کوردستان دا.

ج-ئاستەنگی پەیوەندی نێودەوڵەتی بارگاویکراو بە بەرژەوەندی ئابووری و وزە لە بنیاتنانی دەوڵەت.

د-ئاستەنگی دەروون-نەتەوەیی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسی-کۆمەڵناسی –مێژوویی.

تەوەرەی پێنجەم: ئاستەنگی ئابووری و هۆشیاری نەتەوەیی و کولتووری لە کوردستان دا:

أ-دواکەوتوویی ئابووری و کەڵەکەبوونی کێشە ئابوورییەکان لە بنیاتنانی دەوڵەت دا.

ب-ئایندەی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان و ڕۆڵی لە بنیاتنانی دەوڵەت.

ج-دابەشبوونی کۆمەڵایەتی-خێڵەکی کورد و کاریگەر لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی و بنیاتنانی دەوڵەت دا.

د-پێشکەوتن و پەرەدان بە کولتووری کوردی و ڕۆڵی لە بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان دا.

پرۆگرامی کاتبەندی کۆنفرانس

**10ی 4ی 2018** ڕاگەیاندنی کۆنفرانس و وەرگرتنی پوختەی توێژینەوەکان.

**30ی 5ی 2018** دوا ڕۆژ دەبێت بۆ وەرگرتنی پوختەی توێژینەوەکان.

**20ی 6ی 2018** وەڵامدانەوە بۆ پوختەی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی زانستی کۆنفرانس.

**20ی 8ی 2018** دوا رۆژ دەبێت بۆ وەرگرتنی پاوەرپۆینتی توێژەران بۆ پانێلەکانی کۆنفرانس.

**10ی 9ی 2018** چاپکردنی پوختەی توێژینەوەکان و پرۆگرامی پانێڵیەکانی کۆنفرانس.

**15ی 9ی 2018** ئاگادارکردنەوەی کۆتایی بۆ توێژەران بۆ ناردنی پاوەرپۆینتی توێژینەوەکانیان و چۆنییەتی گەشتکردنیان بۆ شاری سۆران و دەست نیشانکردنی شوێنی مانەوەیان.

**19_20ی ئەیلولی 2018** ڕۆژانی کۆنفرانس لە کەمپەیسی دیلزیان، زانکۆی سۆران.

ڕێکخەری کۆنفرانس: محەممەد گەلاڵەیی

ژمارەی مۆبایل: 07504719432

بۆ پەیوەندکردن و ناردنی پوختەکان: mohammed.ibrahim@soran.edu.iq